شوێنێکی بەهەشت بە ئەندازەی کەوانەیەک خێرترە لەوەی خۆر بەسەریدا هەڵدێت یان ئاوا دەبێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «شوێنێکی بەهەشت بە ئەندازەی کەوانەیەک* خێرترە لەوەی خۆر بەسەریدا هەڵدێت یان ئاوا دەبێت (مەبەست ئەم ژیانی دونیایە)». *(کەوانەیەک: مەبەست کەوانەی تیر هاویشتنە کە لەوەیە نیو مەتر یان کەمتر بگرێت
[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیەدا باسی مەزنی پاداشتی ئیمانداری تێدایە لە بەهەشتدا، وبێنرخی وکەمی ئەم دونیایە ڕووندەکاتەوە، وئەم شوێنەی بەهەشت کە بە ئەندازەی کەوانەیەکی تیر هاویشتنە کە لەوەیە نیو مەتر کەمتریش بگرێت لەسەر زەوی؛ خێترە لە هەموو ئەوەی لە دونیا هەیە بە هەموو خۆشی وڕابواردنەکانیەوە، ئەمیش بەهۆی ئەوەیە کە بەهەشت بەنرخە وبەردەوامە وبۆ هەتاهەتایی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەم ژیانی دونیایە بۆ ماوەیەکی کاتیە نامێنێت و لەناو دەچێت، خوای گەورە داوای چوونە بەهەشتت لێدەکەین وبمانکەیت لە ئەهل وخەڵکی بەهەشت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8352